10

# لەبارەی گەل و شارەکانی وڵاتی (ماننا)وە

## (لەکوردستانی ئێران) *

*وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە*

وڵاتی ماننا کەوتبووە باشوورو ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ. ناوی ئەو وڵاتە لەسەدەی نۆیەمی پێش زاین لەلایەن ئاشورییەکانەوە دەبیستین ئەویش کاتێك لەشکرکێشییەکانیان گەیشتە ئەو ناوچانە. ماننا لەسەدەی هەشتەمی پێش زاین جێگەی ململانەی نێوان ئاشورو ئورارتو بوو. ئەم باسەش لەبارەی مێژووی وڵاتی (ماننا)وە نییە، بەڵکو تەنیا باسێکی وڵاتی ماننایە کە لە چ گەلێك پێکهاتبوو هەروەها لەبارەی شارەکانی ئەو وڵاتەیە

## پێشەکییەك بۆ وەرگێڕان

باسەکە ناوونیشانی Volkstum und Städte der Mannäer هەڵگرتووەو لەگۆڤاری Baghdader Mitteilungen دا بڵاوکراوەتەوە (بەرگی 3، ساڵی 1964، ل 11 -24) و لەنووسینی (ڕاینەر بۆمەر)ـە Rainer M. Boehmer. بەر لەدەستپێکردنیش ئەم چەند تێبینییەم هەیە:

1 -پەراوێزو سەرچاوەکانی نووسەرم نەقڵ نەکردووە، چونکە باسەکە یەکجار درێژ دەکەنەوە.

2 -ئەو زانیارییانەی لە پەراوێزەکانی نووسەردا هەن تێکەڵم کردوون بە باسەکە بۆئەوەی پچڕان لەبابەتەکەدا نەبێت و تاخوێنەر سوودی لێ وەربگرێت. پەراوێزەکانیش لەم وەرگێڕانەدا لە نووسینی خۆمن. جگە لەوەش ڕوونکردنەوەی کورتترم لە ناواخنی باسەکە داناوەو لێم نووسیون:وەرگێڕ.

3 -هەندێك شتم وەرنەگێڕاوە تا باسەکە کورتتر بێتەوە بەڵام ئەو شتانە لەچاو باسەکە زۆر کەمن.

4 -بۆ ناوی کەسان... شارەکان.. تاد ژمارەم داناوە (1،2،3....) تا ناوەکان باشتر جیا بکرێنەوە.

5 -ناوە نوێیەکانی شوێنەکان کێشەیەك بوون بۆ خۆیان، چونکە ئەگەر بۆ نموونە بزانم نووسینی ناوی (سەقز) ڕاستە، شێوەی ڕاستی ناوی ترم نەزانیوە. دەبێت کوردەکانی ئەو ناوچەیەش بمبەخشن ئەگەر هەڵەیەکم کردبێت. بە منەتباریشەوە چاوەڕێی هەر ڕاستکردنەوەیەکم.

6 -ناوە کۆنەکان بەپێی گۆڕینی هێما نووسیومن و گومانم لێیان نییە، بەڵام لەئەسڵدا چۆن دەخوێنرێن واتە بۆ نموونە دەقی ئاشوری ناوی (ئوللوسونو) دەبات بەڵام ئوللوسونو خۆی و خەڵکی ناوچەکە بەگشتی ناوەکەیان خۆی چۆن دەوت؟ تا ئێستا کەس نازانێت.

7 -ئەم باسەش وەك هەموو باسێکی دیکەی هاوچەشن نەختێك زەحمەتە بۆ یەکێك لەبارەی مێژووی کۆنەوە شارەزایی نەبێت.

* گۆڤاری ڕامان، ژمارە 28، 1998/10/5، ل 149 -152.

## باسەکەی بۆمەر

ماننایی‌یەکان لەڕێگەی نووسراوەکانی پادشایانی ئاشورەوە دەناسین، ئەوانیش:

1-شەلمانەصەری سێیەم (858-824 پێش زاین) ئەویش لەساڵی شانزەمی حوکمیدا (843 پێش زاین) کە وڵاتەکەی بە ناوی موننا Munna ناو بردووە. هەروەها ساڵی سێیەم (829پ.ز) و ساڵی سی و یەك (828پ.ز).

2-شامشی ئادادی پێنجەم (823 – 810پ.ز).

3-ئاداد نیراریی سێیەم (809 – 782پ.ز): ئەویش ساڵی سێیەمی حوکمی (807پ.ز) و ساڵی چوارەم (806پ.ز و بەشێوەی موننا Munna و مانناى Mannai ناوی بردووە، ئەم دوو ساڵەی حوکمی پادشاش دەکەونە بەر ئەو ماوەیەی کە تێیدا (شامورامات)ی دایکی (وەصی) بوو، چونکە پادشا هێشتا گەورە نەببوو.

4-سارگۆنی دووەم (721-705پ.ز)، ئەویش ساڵی سێیەمی حوکمی (719پ.ز)، ساڵی شەشەم (716پ.ز)، ساڵی حەوتەم (715)، ساڵی شەشەم/ حەوتەم (715/716)، ساڵی هەشتەم (714)، ساڵی نۆیەم (713).

5-ئەسەرحەدون (680-669پ.ز).

6-ئاشور بانیپال (668-626پ.ز).




ئەم نەخشەیە لە: Baghdader Mitteilungen,3,196, S.13

ناوەکانی خوار کێوی ئوئاوش: پانزیش، زورزوککا، شواندوخول، ئیززار...، ناوەکانی خوار دەریاچەکە: مێشتا، زیرداککا. ناوەکانی نزیك سەقز: زیبیا، ئارمید. تەنها شوێنی مێشتاو زیبیا ئەکیدە.

جگە لەمەش لەڕێگەی پادشایانی (ئورارتو) وە:

1-مێنوا Menua (کوڕی ئیشپوئینی Išpuini)؛ نزیکی (804-790پ.ز) حوکمی کردووە.

2-(ئارگیشتی)ی یەکەم Argišti (کوڕی مێنوا)؛ دەوروبەری (789-766پ.ز).

3-ساردوری سێیەم Sardur (کوڕی ئارگیشتی ی دووەم)؛ نزیکی (678-654پ.ز).

پاشان ناوی ماننایی‌یەکان ساڵی (616پ.ز) لەلایەن پادشای بابلییەوە نابو پلاصەر (625-605پ.ز) دێت ئەویش وەك هاوپەیمانی ئاشورییەکان کاتی هەرەس هێنانی ئیمپراتۆرییەتی ئاشوری.

مانناً هەروەها لەکتێبی جوولەکەداو لەباسەکەی ئیرمیا *(ی پێغەمبەر/ وەرگێڕ)* ناوی هاتووە:

((دژی ئەو ( *واتە دژی بابل/ وەرگێڕ*) بانگی پادشانشینەکانی ئارارات (= ئورارتو)، میننی Minni (=ماننا)، ئەسکیناس (= سکیثییەکان) بکەن...)).

لەبارەی ناوی نوێتری ماتیانێ Matiane، ماتیێنێ Matiene، مانتیانێ Mantiane کە (هیرۆدۆت) و (پۆلیبیوس) و پتلیموس باسیان کردوون[1] و کە(دایسۆن) بە مانناى زانیون؛ پرۆفیسۆر دکتۆر یۆهانس فریدریش پێی ڕاگەیاندم کە لەڕووی زمانەوە ئەم هاوجووت کردنە پاساوی نییە هەرچەندە لەڕووی جوگرافییەوە (کە ڕەنگە دایسۆن لەسەر ئەساسە قسەی کردبێت) هاوجووتییەکە لەنێوان دوو شوێنەکە بەتەقریبی هەیە. بڕوانە قسەی (ڤایسباخ): ((لەسەر کەناری دەریاچەی ورمێ: ئەرمینیا (لەڕۆژئاوادا) و ئاترۆپاتێنێ Atropatene (لەباکوورو ڕۆژهەڵاتدا) و مانتیانێ

[1] یەکەمیان سەدەی چوارەمی پێش زایینو دووەمیان سەدەی دووەم پ.ز و سێیەمیان سەدەی دووەمی زایینی/ وەرگێڕ.

**Mantiane** (لەباشووردا) دەدۆزینەوە کەڕەنگە نەتوانرێت ئەمەی دوایییان لەگەڵ ماتیانیێ **Matiane** و ماتییێنیێ **Matiene** جیا بکرێتەوە).

مەسەلەی ئەوەی مانناییەکان چ گەلێکن مەسەلەیەکە جێگەی موناقەشەیە.

بەدڵنیاییەوە ساڵی (843پ.ز) یەکەم جار و لەگەڵ (وڵاتی) پارسوا **Parsua** ئێرانیو مادەکاندا لەساڵنامەی پادشای ئاشور شەلمانەصەری سێیەم ناویان هاتووە (مادەکان یەکەم جار ساڵی 835 پ.ز لەلایەن هەمان پادشاوە ناویان هاتووە)[2]. ڕەنگە لەبەر ئەمە بێت ڕۆستۆڤتزێف **Rostovtzeff** مانناییەکانی بەهیندۆ جەرمانی (دەڵێت: خێڵێکی هیندو ئەوروپایی) زانیوەو بەبێ ئەوەی بەدوورو درێژی ئەم باوەڕەی خۆی لێك بداتەوە. دایسۆن دەڵێت: ناوی شوێنەکانو کەسەکان کە لەدەقەکاندا هاتوون دەریدەخەن[3] کەخەڵکەکە (یان بەلایەنی کەمەوە چینی فەرمانڕەوا) بەزمانێکی (ئاسیایی)[4] دەدوان کەپێی دەوترێت خورری.. هەروەها دەڵێت: مانناییەکان خەڵکێکن کەم ناسراونو لەڕووی زمانەوە خزمی ئورارتوییو خوررییەکانن. ڤ.بلێك **W.Bleck** و بەبێ ئەوەی بتوانێت مەسەلەی نەتەوەکەیان وەڵام بداتەوە ئەوسا ساڵی (1894) ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو ((کەوا لەکاتی ئاشور ناصیرپالو تا سەرەتای حوکمی شەلمانەصەری دووەم (=شەلمانەصەری سێیەم/ ڕ. بۆمەر) ئەو ناوچەیە کەدواتر مانناییەکانی تێدا دەبینینەوە چەند ناوێکی دیکەی هەبووەو دەبینین کەوا بەتایبەتی ناوچەکانی کەناری باشوورو باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەیورمێ هەمیشە وەك کیروری **Kirruri** و زاموا **Zamua** وەسف کراون.))[5].

ئاسانترە بڕیار لەسەر نەتەوەی مانناییەکان بدرێت ئەگەر جێماوی نووسراو لەبەردەستماندا هەبێت، بەڵام بەداخەوە وا نییە، ئەگەری ئەوەش لەدواڕۆژدا هیوا بدۆزرێتەوە ئەگەرێکی بەهێز نییە. (پشکنینە ئێرانییەکان کەهێشتا ئەنجامەکانیان بڵاونەکراونەتەوەو کە بەر لە (15) ساڵ[6] لەزیبیا (زیویە) کرابوون هیچ لەوحێکی قوڕین یان نووسراوێکی دیکەیان بەئەنجام نەهێناوە، کەبەشێوەیەکی گشتیش چاوەڕێ دەکرێت شتیوا لەپایتەختی مانئایی ئیزیرتو **Izirtu** دا هەبن، ئەوا شوێنی تەواوی ئەمیان تا ئەمڕۆ نەزانراوە).

کەواتە وەك پێشتر دایسۆن ئاماژەی بۆ کردبوو ئێمە لەڕێگەی باسکردنی کەسەکانو ناوچەکانی دەوڵەتی مانناوە لەلایەن دەقە ئاشوریو ئورارتوییەکانەوە ئەمە*(واتە: مەسەلەی نەتەوەکەیان/ وەرگێڕ)* دەزانین.

---

[2] ناوهێنانی میدییەکانو مانناییەکان بۆ یەکەمجار لەوکاتەدا واتای ئەوە ناگەیەنێت پێشتر لەو ناوچەیەدا نەبووبن، بەڵکو مەسەلەکە ئەوە بوو تا کاتی شەلمانەصەری سێیەم ئاشوررییەکان نەگەیشتبوونە ئەو ناوچەیە بۆیە ناوی ئەو گەلانەیان نەهێنا بوو.

[3] لە راماندا بەهۆی هەڵەی چاپەوە نووسرابوو (وەلای دەخەن) کە ئەمە رێك پێچەوانەی ئەوەی نووسیبووم، واتە (دەری دەخەن).

[4] ئاسیاییەکان: کۆمەڵە گەلێکن زمانەکەیان سەر بەهیچ کۆمەڵێکی ناسراو نییە واتە نە سامییەو نەهیندۆ ئەوروپییەو نە هی (ئورال — تای)یە. لەوەش دەچێت جگە لە میدییەکانو یەك دوو گەلیتر زۆربەی هەرەزۆری گەلەکانی کوردستان (بە خوررییەکانەوە -کە لەمەیان دڵنیاین) لەو کۆمەڵەن. ئەم کۆمەڵە هەروەها (قەفقاسی)شی پێدەوترێت.

[5] زەحمەتە وڵاتی (کیروری، کیرروری) ئەوەندە دوور بوو بێت، بەڵکو لەوە دەچێت لە ڕۆژهەڵاتی هەولێردا بووبێت (ناوچەی خۆشناوەتی). ئاشورناصیرپالی دووەم لەدەربەندی کیروورییەوە دەچێتە ناوچەکانی باکووری زێی بچووك. بۆ باسی کیروری لەلایەن ئەم پادشایەوە، بۆ نموونە بڕوانە:

**ARAB, 1, S440.**

لەکاتێدا (زاموا) ڕێك پارێزگای ئەمڕۆی سلێمانیی دەگرتەوە (شتێکیش زیاتر)و لەوەناچێت سنووری باکووری گەیشتبێتە دەریاچەی ورمێ. (دیاکۆنۆف) ئەم باوەڕەی هەیە، بەڵام لێی دوودڵم.

[6] ئەم قسەیە هی کاتی باسەکەی بۆمەرە../ وەرگێڕ.

## ناوی كەسانی دەوڵەتی ماننایی لەدەقە ئاشورییەكاندا

**یەكەم –كاتی شەلمانەصەری سێیەم:**

ئـوداكی Udaki مـیریماننـا 829پ.ز، سـاڵی سـێیەمی پادشـای ئاشـور، (لـەكنبێڵ) ناوەكـەی بـەئوئالكی Ualki خوێندۆتەوە.

**دووەم –كاتی سارگۆنی دووەم:**

1–ئیرانزو Iranzu : میری ماننا، سەر بەسارگۆن بوو، ساڵی سێیەمی ئەم پادشایەی ئاشور (719پ.ز)، ئەوەندەی پێ نەچوو مرد.

2–ئـازا Aza :كـوڕی ئیرانـزو، سـارگۆن خسـتیە جێگـەی بـاوكی. پـاش ماوەیـەكی كـەم لەلایـەن حزبێكـی لایەنگـری ئورارتووە بەسەرۆكایەتیی مانناییەكان كوژرا (716پ.ز).

3–ئوللوسونو Ullusunu: كـوڕێكی تـری ئیرانـزو. سـاڵی (716) چـووە جێگـەی ئـازا. بـەپێی دەقێكـی (لـەكنبێڵ) لەلایەن سارگۆنەوە دانرا. بەپێی دەقێكی دیكەی لەكنبێڵ لەلایەن حزبە لایەنگرەكەی ئورارتووە دانرا. بەهەر حاڵ سـەرەتا لەگەڵ (روسا)ی پادشای ئورارتو هاوپـەیمانیی بەسـت، بـەڵام دوایـیو لەهـەمان سـاڵدا ملكەچـی سـارگۆن بـوو و دوایـی بەردەوام دڵسۆزی سارگۆن بوو دژی ئورارتییەكان. تەنانەت كوڕێكی خۆی كـە (ولـي عهـد) ی بـوو وەك بارمتـە تەسـلیمی سارگۆنی كرد (714پ.ز).

4–باگـداتتی Bagdatti: برایـەكی ئوللوسـونو و میری ناوچـەی ئوئیشـدیش Uišdiš ی ماننـایی. ئـەم كابرایـە(كـە وڵاتەكەی كەوتبووە سنووری ئەو ناوچانەی كاری ئورارتویان لەسەرە) دەورێكی گەورەی هەبوو لەكوشتنی (ئازا) و پـاش گرتنی لەلایەن ئاشورییەكانەوە پێستی كەوڵ كرا (716پ.ز).

5–دایائوككو Daiaukku: فەرمانڕەوایەكی مانناییە كە لەلایەن روسای یەكەمەوە دژی ئوللوسونو هان درابوو كوڕی خۆی وەك بارمتە بداتە روسا. لەبەرئەوەش كە (22) قەڵای مانناییی لە (روسا)وە وەرگرتبوو – كە روسا داگیری كردبوون – دیاربوو دەستی لەو مەسەلەیەدا هەبووبێت.

سارگۆن ئەو قەڵایانەی بۆ ئوللوسونو گرتەوەو دایائوككو و خێزانەكەی ڕەوانەی شاری (حەما)ی سووریا كـرد (سـاڵی 715پ.ز). كەواتە دەبێت دایائوككو لەناوچەی (مانناییی)ی سەر سنووری ئورارتو، واتە ئوئیشـدیش Uišdiš، ژیـا بێـت، بەمەش جێنشینی باگداتتی بوو كە ئەمیان ساڵی (716) كوژرا. ئەوسا (شترێك) و پاشـان (ئۆڵمسـتد) و نوێتر (ئالتهـایم) ئاماژەیان بۆ ئەوە كردبوو كە دایائوككو و (دایۆكس) كە هیرۆدۆت وەك دامەزرێنەی بنەماڵـەی میـدی نـاوی بـردووە تـەنیا ناوەكانیان لەیەك دەچن (*واتە: دوو كەسی جیاوازن/ وەرگێڕ*).

6–مێتاتتی Metatti: (یاخود میتاتتی Mitatti، مێتاتاتتی Metatatti)ی زیكیرتو Zikirtu كە پـەیمانی لەگـەڵ روسای یەكەمی ئورارتو بەستبوو دژی فەرمانڕەوای ماننا، سارگۆن سەركەوت بەسەریداو ناچاری كرد هەڵبێت.

**سێیەم: كاتی ئەسەرحەدون:**

ئاخسیری Ahsiri : ڕەنگە (ئاخشێری) بێت كە لەلایەن ئاشور بانیپالەوە ناوی هێنراوە.

**چوارەم: كاتی ئاشوربانیپال:**

1–ئاخشێری Ahšeri : پـادشـای مـاننـا، ئاشـور بانیپـال لـە لەشكركەشیی چـوارەم یـان پێنجەمیـدا (664/665پ.ز) شەڕی لەگەڵدا كردبوو. خەڵكەكەی ئاخشێری خۆیان ئاخشێرییان كوشت.

2–ئوئاللی Ualli: كوڕی ئاخشێری، پاش باوكی چووە سەر تەخت.

3-ئێریسیننی Erisinni : کوڕی ئوئاللی. ئوئاللی ئێریسیننی و کچێکی خۆیوەك بارمتە نارد بۆ ئاشورییەکان.

4-رائیدیشادی Raidišadi : فەرمانڕەوایەکی سەربازیی ئارسیانیش Arsianiš بوو.

## ناوی شارە مانناییەکان لەدەقە ئاشوریەکاندا[7]

1-ئایقانانی Aiqanani.

2-ئارمائیـد Armaid، ئارمێئیـد Armeid، ئورمێتـێ Urmete، ئورمیاتـێ Urmiate، (لای سـارگۆن: ئارمیـد Armîd[8]، لای ئاشوربانیپال: ئورمێتێ Urmête).

3-ئارپیش (؟) – (؟) Arpiš هەروەها ئوپپیش Uppiš.

4-ئارسیانیش Arsianiš.

5-ئاشدیاش Ašdiaš.

6-ئاش – شا – ئیـ (؟) – یا (؟) – نا – سو Aš-ša-i(?)-ia(?)-na-su

شترێك و لـەکنبێل ناوەکـە بـە (پاشا...... سو) Paša.....su دەخوێننـەوە. تۆمسن حیسـابی ئـەوەی کـردووە بڕگـەی (ئیـ) هەروەها بە aš بخوێنرێتەوەو بۆ (یا) دان dan بخوێنرێتەوە[9].

7-ئاترانا، تێرانا Atrana, Terana.

8-ئاوسیاش Ausiaš (شترێك: ئایوسیاش Aiusiaš).

9-بوسوتو Busutu.

10-ئێریشێئانا Erišeana.

11-ئیشتاتتی Ištatti.

12-ئیززار ...... Izzar.

12-ئیزیرتـو Izirtu،ئیزیرتـێ Izirte، ئیزیرتـی Izirti،زیرتـا Zirta : پایتـەختیماننـا (تەماشـای نـاوی شیمێریخادیرینی لەخوارەوە بکە).شەلمانەصەری سێیەم و سارگۆنی دووەم و ئاشوربانیپال ناویان بردووەو یەکەمیان بەشێوەی زیرتا ناوی هێناوە.

14-نازینیری Naziniri.

15-پانزیش Panziš قەڵایەکە نێوان میسسی Missi و زیکیرتو، لەسنووری زیکیرتودا.

16-سیخوا Sihua.

17-سینیخینو Sinihinu.

18 – شواندوخول Šuanduhul شارێکی قایمی نزیك زیکیرتو.

19-ئورکیامون Urkiamun.

20-زیبیا Zibia ، ئیزیبیا Izibia ، ئوزبیا Uzbia (ناوی سێیەم لەلایەن ئاشور بانیپالەوە هاتووە).

21-زیرداککا Zirdakka، زیردیاککا Zirdiakka ، سیرداککا Sirdakka : قەڵایەکە لەمیسسیدا.

22-زورزوککا Zurzukka، دوردوککا Durdukka :شارێکی قایمی نزیك زیکیرتو.

---

[7] لێرەدا ئەو ناوانەی کەلەیەك دەچن، واتە یەك شارن لەیەك ژمارەدا دامانناون.

[8] ئەو پیتانەی هێمای هەشت (8) یان لەسەرە نیشانەی دەنگێکی درێژن.

[9] واتە : دەکرێت ناوەکە بە چەند جۆرێکی تر بخوێنرێتەوە وەك: ئاششائاشیاناسو، ئاششائیداننا سو، ... تاد.

## ناوی هەرێمەکانی ماننا لەدەقە ئاشورییەکاندا

1-کوموردای Kumurdai لەگەڵ کێوی خارسی Harsi.

2-میسیاندا Misianda.

3-میسسی Missi. قەڵای زیرداککا، دەکەوێتە ئەم هەرێمەی کە لەباشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەیورمێ دایە.

4-ئوئیشدیش Uišdiš هەرێمێکی سەر سنوورە، لەڕۆژهەڵاتی دەریاچەیورمێیە بەرەو ئورارتو.

5-زیکیرتو Zikirtu: سەر بەماننایییەکان بوو یان ڕاستتر: دەبێت سەر بەوان بووبێت. لەژێر سەرکردایەتیی میرەکەی کە مێتاتتی بوو بە سەربەخۆیی دەژیا، هەروەها لە ڕیزی ئورارتودا بوو لەو کاتەی ئوللوسونوی مانناا ماوەیەك بوو ملکەچی سارگۆن بوو. زیکیرتو لەڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێدا بوو، باشووری کوهی سەهەند *(ناوی ئەم کێوە نوێیە/وەرگێڕ)* کەلای ئاشورییەکان بەکێوی ئوئاوش Uauš ناوبراوەو کەناوچەی ئوئیشدیش لەدەریاچەکە جیای دەکاتەوە، لەبارەی ئەوەش کە ئایا زیکیرتو هەمان ساگارتیۆی Sagartioi بێت *(کە لەسەرچاوەی یۆنانیدا هاتووە/ وەرگێڕ)* شترێك دژ بەمە ڕای خۆی دەربڕیوە.

سارگۆن ئەم شارانەی سەر بەزیکیرتوی گرت: سوککا Sukka، بالا Bala، ئابیتیکنا Abitikna، ئیشتائیپپا Ištaippa، ساکتاتوش Saktatuš، نانزو Nanzu، ئاوکانێ Aukanê (ناوچە)، کابانی Kâbani، گورروسوپا Gurrusupa، راکسی Raksi، گیمداکریککا Gimdakrikka، باروناککا Barunakka، ئوبابارا Ubabara، سیتێرا Sitera، تاشتامی Taštami، تێسامیا Tesammia، پایتەختی زیکیرتوش شاری پاردا Parda بوو.

(مێتاتتی)ی زیکیرتو لەبەردەم سارگۆن هەڵهاتو چووە سەر کێوی ئوئاشدیریککا Uašdirikka، سارگۆن لە (پانزیش)ەوە دەرچووبوو و لەڕووباری ئیشتاراورا (ئیشتارائورا) Ištaraura پەڕییەوە، ئەم ڕووبارە لای تورۆ ... دانجان ڕووباری ئێستەی (کەرەنگو) وە.

## ناوی شارەکانی مانا لەدەقەکانی ئورارتودا

1-داربانی Darbani (کاتی ساردوری سێیەم).

2-مێشتا Mešta (کاتی مێنوا).

3-سیرانی Sirani (کاتی ئارگیشتیی یەکەم).

4-شیمێری ... خادیرینی Šimeri-hadirini (کاتی ئارگیشتیی یەکەم). شوێنەکە بە ((شاری پادشایانە، شوورەدراو)) ناوبراوەو ئارگیشتی گرتبووی.

## ناوی هەرێمەکانی مانا لەدەقەکانی ئورارتودا

1-بابیلونی Babiluni (کاتی ئارگیشتیی یەکەم). ناوچەیەکە لەمانناداو پەیوەندیی بەوڵاتی بابلەوە نییە. پێویستە لە ڕۆژئاوای باشوور یان باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەیورمێدا بۆی بگەڕێین.

2-ئوگیشتی Ugišti کە (ئوئیشدیش)ی سەرچاوە ئاشورییەکانە.

لەو ناوانەی سەرەوە هەندێکیان -وەك دایسۆن وتبووی -نزیکن لە (خوریی)، هەندێکی تر نزیکن لە(کاششی)[10] و

---

[10] کاششییەکان گەلێکی (ئاسیایی) یاخود قەفقاسین هەرچەندە لەوە دەچێت چینی فەرمانڕەوایان هیندۆ ئەورووپایی بووبن. کاششییەکان لەناوچەی (کرماشان) دا دەژیان و توانیبوویان بۆ چوار سەدە ناوەڕاستو باشووری عیراق حوکم بکەن

تەنیا کەمێکیان وەك ئێرانی دەردەکەون. کۆمەڵی یەکەمی ناوەکان پاشگری (کك) kk ی خوررییان هەیە. ئەمە لەم ناوانەدا هەیە:



مێشتا (= میسسییماننا) - تاش تەپەی ئەمڕۆ

(دایائوککو)ی فەرمانڕەوا کە (سپایزەر) دەڵێت لەناوچە شاخاوییە دوورەکاندا ناوە خوررییەکان تا هەزاری یەکەمی پێش زاین مابوون و[11] مرۆڤ ناتوانێت (دایۆکس)ی میدی – دەوروبەری 715پ.ز (کە ئەم ناوە لەدەقە مێخییەکاندا بەشێوەی دایائوککو هاتووە) جیابکاتەوە لەناوی تایوکی یاخود تایائوکی Tay(a)uki کە لەشاری (نوزی)دا هاتووە[12].

جگە لەم ناوە ناوی شارەکانیش هەیە (کە لەگەڵ ناوە خوررییەکاندا بەراورد بکرێن): زیرداککا، زورزوککا، سوککا (؟)، باروناککا، گیمداکریککا، هەروەها کێوی ئوئاشدیریککا، پاشان ناوی ئەم میرانە: ئوداکی، ئوللوسونو، ئاخشێری، ئێریسیننی، ڕەنگە هەروەها (ئازا). هەروەها شارەکانی ئایقانانی، ئاترانا/ تێرانا (؟)، سینیخینو (؟)، شواندوخول (؟)، ئوپییش/ ئارپیش (؟)، ئیشتائیپپا (؟)، ئاوکانێ (؟)، گورروسوپا (؟)، تێساممیا، هەرێمی میسیاندا، ڕووباری ئیشتاراورا[13].

لەلایەکی دیکەوە ئەم ناوانەی خوارەوە نزیکن لەناوی کاششی:

زیبیا (بڕوانە ناوی مرۆڤی کاششی وەك ئوزیبی Uzibi، ئوزیبیا Uzibya، ئوزیبو Uzibu، بڕوانە نمونەی جۆراوجۆریش لەبارەی ئەوەی کەناوی مرۆڤی کاششی هەروەها بۆ ناوی شوێن بەکاردێن)، نانزو (؟) ... [ئینزی، یانزو.. ی کاششی.. دووەمیان لەکاتی شەلمانەصەری سێیەم و سارگۆنی دووەمدا هەبووە ]، نازینیری. ناوێکی ئێرانیش کەجێگەی ڕەخنە نییە برایەکی ئوللوسونو هەڵیگرتووە ئەویش باگداتتی Bagdatti (باگداتتو = خودا داویەتی)[14].



زیبیا و زیویە لە ڕۆژئاواوە

لەکاتێکیشدا دەکرێت ناوی شوێنەکان بگەڕێنەوە بۆ پێش دروستبوونی دەوڵەتی ماننا[15]، ئەوا بەهۆی ناوی مرۆڤەکانەوە هیچ ڕێکەوت نییە کەوا لەناو یانزە ناوی زانراو نیوەیان هاوجووتی ناوە خوررییەکانن و ئەمانە لەسەردەمێکدان کە لەدوو سەد ساڵ کەمترە (لەنزیکیی 830 تا 660ی پێش زاین، واتە

---

[11] ئەویش، چونکە خوررییەکان بە ڕوونی لەهەزاری سێیەمو دووەمی پێش زایین دەرکەوتوو بوون.

[12] نوزی شارێکی خورریی نزیك کەرکووکە. لەو شارەدا هەزاران دەقی مێخی بەزمانی ئەکەدی دۆزراونەتەوەو دەگەڕێنەوە بۆ ناوەڕاستی هەزاری دووەمی پێش زایینو کە لەمانەوە ناوی کەسانی زۆری خورری دەزانین.

[13] بۆمەر بۆ هەر ناوێك لەمانە ناوێکی خورری (هی نوزی) دەهێنێتەوە کە لێی نزیك بێت (ئێمەش بۆ کورتی ئەو ناوانەمان نەنووسیوە) ئەو ناوانەش کە نیشانەی پرسیارییان لەبەردەمدایە گومان هەیە لەوەی خوررین.

[14] دیارە (بەگ) کاتی خۆیواتای (خودا)ی دەدا. (داتی)ش نزیکە لە (دایتی)، (داویەتی).. ی کوردی.

[15] لەدەقە مێژووییەکاندا ناوی شوێنو ناوی مرۆڤ دێن. ناوی شوێنیش درەنگتر دەگۆڕێت بۆیە مەرج نییە هی ئەو گەلە بێتو ڕەنگە هی گەلی پێش خۆی بووبێت وەك چۆن تا ئەمڕۆ ناوی شوێنی زۆر لەکوردستاندا ماون و ئەسڵیان هی گەلانی پێش کوردە. ناوی مرۆڤیش زیاتر پشتی پێوە دەبەسترێت بۆ دەستنیشانکردنی ڕەگەز یاخود نەتەوە بەڵام نەك بەتەواوەتی چونگە ناوخواستن ڕێگە لەمە دەگرێت.

لەیەكەم قۆناغ تا قۆناغە دوایەمینەكانی دەوڵەتیماننا). كەواتە ئاشكرایە مانناییەكان كۆچەر نەبوون و هەروەها ئێرانی نین، بەڵكو خەڵكی ئەسڵیی ناوچەكەن و بەر لەهەموو شتێك لەخوریی و كاششی پێكهاتبوون (بۆ كاششییەكانیش لەم ناوچەیەدا پاساوی كەمتر هەیە)و كە لەمیانەی ئەو گۆڕانكارییانەی بەهۆی كۆچی فارس و میدییە هندۆ جەرمانییەكان ڕوویاندابوو توانییان لەناوچەیەكی دیاریكراوەوە دەوڵەتی خۆیان پێكبهێنن.

لەبەرئەوەش كە ناولێنان پابەندی مۆدەیە، سەیر نییە لەناو خێزانەكەدا ناوی غەیری خوریی وەك (باگداتتی) تێبینی بكرێت (بڕوانە حاڵەتی پێچەوانە: دامەزرێنەری بنەماڵەی میدیی ئێرانی (= *هیندۆ ئەورووپی/ وەرگێڕ*)... ((دایۆكس)) كە ناوێكی خوریی هەڵگرتبوو).

بەپێی تورۆ – دانجان ناوچەی دەوروبەری (سەقز) هەروەها ئەو ناوچەیەی كە ڕووباری جەغەتو (كە ئەمڕۆ زارینەی پێ دەوترێت) پێیدا دەڕوات وڵاتێكی مانناییە. لێرەدا، لەناوچەی مەركەزیی ماننا، لەماننا ئەسڵیدا، لەسەر كێوێكدا وێرانەیەك هەیە كە لە لقێكی جەغەتو دوور نییەو لەپاڵ گوندی ئەمڕۆی زیویە دایە. ئەی. گۆدار **A.Godard** ئەمەی بە(زیبیا)ی ماننا زانیبوو. لەم وێرانەیەدا گلێنەی پەرش و بڵاو هەیە كەدەبێت بگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەم یان هەشتەمی پێش زایین، واتە ڕێك بۆ كاتی دەوڵەتی ماننا و كاتی ناوهێنانی (زیبیا) لەلایەن سارگۆن و ئاشوربانیپالەوە.

شاری تر هەن كە لەسەرەوەدا باس كراون و شوێنەكەیان بەشێوەیەكی نزیك دەزانرێت، هەندێكی تریش هەن شوێنەكەیان دەست نیشان نەكراوە. لەكۆمەڵی یەكەمدا (ئیزیرتو)ی پایتەخت و قەڵای ئارمید هەیە. ئۆڵمستد بۆ ئەوە چووبوو كە ئیزیرتو نزیك مەهاباد بێت[16]، ئەویش نزیكی سێ ڕۆژە ڕێ لەزیبیا (زیویە) دوورەو لەبەرئەوە ڕەنگە نەختێك دوور بێت *(واتە زیبیا ئەوەندە دوور نییە لەئیزیرتو بۆیە ڕەنگە ئیزیرتو مەهاباد نەبێت / وەرگێڕ)*. (گۆدار) لەوە نزیكتر بەدوای ئیزیرتودا دەگەڕا واتە لە كەپلانتو (غەفلانتو). قەڵای (ئارمید)یش هەمیشەو بەردەوام لەلایەن سارگۆن و ئاشوربانیپالەوە لەگەڵ زیبیادا ناوی هێنراوە، ئەمە پشتگیریەكی گەورەترە بۆ قسەكانی بەر لەزیاد لەپەنجا ساڵی زانای گەورەی فەڕەنسی تورۆ- دانجان. هەروەها قسەكانی ئەمیان كەوا هەرێمی مانناییی (ئوئیشدیش) لەرۆژهەڵاتی دەریاچەی‌ورمێدایە، بەشێكیشی كەوتۆتە نێوان ئەم دەریاچەیەو باشووری كێوی (ئوئاوش)ی دەقە ئاشورییەكان (كوهی سەهەندی ئەمڕۆ) ڕووەو (زیكیرتو)ی ماننا... ئەم قسانە ئەمڕۆ زۆر تەئكید بوون.



قەڵای مانناییی ئیززار... **Izzar...** لە كاتی گەمارۆدانی ـ سارگۆنی دووەم

دەبێت لەم ناوچەیەی سەرەوەدا، قەڵاكانی (ئیززار..) .... **Izzar** و پانزیش و شواندوخول و زورزوككا هەبن، لەكاتێكدا زیرداككاو مێشتا لە(میسسی) دابن.

میسسی كە كاتی شەلمانەصەری سێیەم وڵاتێكی سەربەخۆ بوو هەرێمێكی دەوڵەتی ماننا بوو ئەویش بەهۆی باسەكانی سارگۆنەوە لە لەشكركەشییە هەشتەمەكەیدا دەیزانین و بەپێی تورۆ – دانجان ئەو هەرێمە لەباشوورو ڕۆژهەڵاتی باشوری دەریاچەی‌ورمێدایە.

[16] جگە لەزانینی ئیزیرتو بە (سەقز) یان (مەهاباد)... سەرچاوەیەكی نوێتر (هی 1987) بە (بانە)ی داناوە، بڕوانە نەخشەكە لە: **Parpola**.

**ئەو نووسینەی سەر بەردەشمان هەیە کە (ڕۆڵنسن) دۆزیبوویەوەو هی پادشای ئورارتو (مێنوا)یە ئەویش لە (تاش تەپە) کە ڕۆژهەڵاتی باشووری دەریاچەکەیە؛ واتە باکووری ڕۆژئاوا –ڕۆژئاوای (میاندواو). بەهۆی ئەم نووسینە دەزانین (تاش تەپە) مێشتای کۆنە. دەبێت هەرێمی (بابیلونی)ش کە ئورارتییەکان ناویان هێناوە لەڕۆژئاوای (میسسی) لەسەر کەناری دەریاچەیورمێدا بۆی بگەرێین.**

**(هێرتزفێڵد) مێشتای سەرچاوەی ئورارتویی بەیەك زانیوە لەگەڵ مێسای Mesai و میسسی Missi ی سەرچاوەی ئاشوری. (لەکنبێڵ)یش مێسو/ مێسایومیسسی بەنووسینی جیای ناوی هەمان وڵات دەزانێت. تورۆ –دانجان هەر لەسەرەتاوە دژ بەمە قسەی کردبوو و ڕاستی کردبوو، (مێسو) لە (زاموا)دایە یاخود نزیکیو لەکێوی سیماکی Simaki دوور نەبوو کە ئاشورناصیرپالی دووەم پاش پەڕینەوەی لەزێی بچووك پێی گەشت. شەلمانەصەری سێیەم لەساڵی شانزەیەمیدا (843 پ. ز) لەئاربائیلو (=هەولێر)ەوە رووەو وڵاتی زاموا دەرچوو، پاشان ڕووی کردە موننا (= ماننا). موننا هەروا جارێکی دیکە لەلایەن ئاداد –نیراریی سێیەمەوە باس دەکرێتو ئاشکرایە کە لە مێسو جیاکراوەتەوە. بەهەمان شێوە (مانای) لە (مێسای) لەلایەن شامشی ئادادی پێنجەمەوە جیاکراوەتەوە. لەکۆتاییدا مێسای هەروەك زاموا لەنامەکانی کاتی ئەسەرحەدوندا ناودەبرێت ئەویش لەبارەی ئەسپەکانیەوە[17].**

**لەبەشەکانی سەرووی ڕووباری (ساروق) زیندانی سولەیمان هەیە کەکێوێکی تەنیایەو نزکی سەد مەتر لەدەوربەرەکەی بەرزترەو لەو ئاوە کلساوییە کە نیشتووە دروست بوووەو لە ناوەوەیدا کونی بورکانێك هەیە کە ئەمڕۆ بەتاڵەو لەئەسڵدا نزمایی دەریاچەیە. پاشماوەی پەرستگەیەکی پلەداریش لە شێوازی ئێرانیی کۆن لەژێر لوتکەکەدا هەیەو بەتەقریبی لەسێیەکی یەکەمی بەرزاییی کێوەکەدایە. پەرستگەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پێش زایینو ڕەنگە لەبەرئەمەو چونکە ئاستی ئاوەکە لەناو کونەکەدا نزم بۆتەوە چۆڵ کرابێت. یەکسەریش لەسەرووی ئەمەوە خەڵکانێکی سادە لەناو دیوارەکانیاندا نیشتەجێ بوون. دەکرێت ئەمانە هەروەك دروستکەرەکان ماننایی بووبن.**

**هەندێك گڵینەی هاوتەرییبیش لەگەڵ ئەوانەی زیبیا/ زێویە هەن کە ئەویش (واتە زیبیا) هەروا لەناو تۆڕی ڕووباری (جەغەتو) دایەو کە بە دوو یان سێ ڕۆژە ڕێ (نزیکی حەفتا کیلۆمەتری هەوایی) لەزیندانی سولەیمانەوە مرۆڤ پێی دەگات. ئەمەش ماوەیەکی دوور نییە لەدەوڵەتێکدا درێژترین ماوە بیزانین نێوان دوو شاری بریتی بوو لە (15) ڕۆژە ڕێ، ئەویش لە (ئیزیرتو)ی پایتەخت تا (ئیشتاتتی).**

**(هێرتزفێڵد)یش ناوچەی تەختی سولەیمان .. کە زیندانی سولەیمانی تێدایە .... بە ناوچەیەکی دەوروبەری سەر بە ماننا زانیوە.**

**(پورادا) و (دایسۆن) وێرانەکەی (زیویە) وەك قەڵای هەڵهاتن دەزانن:((لەکاتی پەلاماری دوژمن خەڵکی ئەم ناوچە کراوەیە سامانەکانیان دەبەنە ئەوێ بۆ پاراستنیان)) بەڵام زەوییەکانی دەوروبەری زیویە (کە ئەوەندە بەپیت نین) کەمتر**

---

[17] گومان لەوەدا نییە (مێسو) لە دەشتی سلێمانی یان باکووری دەشتی شارەزووردایە نێوان دوو زنجیرەی (ئەزمڕ) و (گڵەزەردە/ بەرانان). (سپایزەر) وای داناوە نێوان (ئەزمڕ) و کێوی (گۆیژە) -کە بەشێکی (ئەزمڕ)ـە -بێت و بەگوندی (وەڵدانە - وەڵانە)ی زانیوە: ..**AASOR,VIII, p.28**

بەڵام ئەمە هەڵەیەو ڕاستەکەی ئەوەیە کە وتمان و بوار نییە هۆی هەڵەکە ڕوون بکەینەوە. لەلایەکی دیکەوە (مێسای) پەیوەندی بەم (مێسو)وە نییە چونکە شامشی ئادادی پێنجەم لەبارەی (مێسای)ەوە باسی سێ لوتکەی کێو دەکات کە شتیوا نییە لای (مێسو)ی زاموا –ئەوەی لەسەرەوەدا باسمان کرد - هەروەها باسی پێنج سەد شار (یاخود گوند) دەکات کە ئەم ژمارەیە زۆرە بۆ دەشتی سلێمانی یان باکووری شارەزوور. لەبارەی ئەم باسەی شامشی ئاداد ەوە بڕوانە:

**M.Streck,S.297+ ARAB,1,S718.**

پادشا هەروەها باسی پەڕینەوە لەکێوی کوللار (زنجیرەی ئاسۆس –کێوەڕەش لەپشدەر) و هەڵگەڕان بۆ نائیری (ڕۆژئاوای ورمێ تا ناوچەی شەمدینان) دەکات و ئەمە زۆر دوورە لە(مێسو)ی زاموا.

لەچاو دەقە ئاشورییەکان یارمەتیی قسەکانی پورادا دەدەن. زیبیا لەنووسراوێکی سارگۆنی دووەمدا لەگەڵ (ئارمید) و (ئیزیرتو)ی پایتەخت بە ئاشکراییوەك ((قەڵای بەهێز)) وەسف کراوەو لەلایەن ئاشوربانیپالەوە وەك ((شاری قایم)) بەرامبەر ((بچووکە بێ ژمارەکان)) کە باسکراون:

(( لەمیانەی لەشکرکەشییەکەمدا، هەشتا شاری قایمم ... گرت، لەگەڵ بچووکە بێ ژمارەکان تا رێک نزیکی ئیزیرتو، وێرانم کردن، تێکم دانو بەئاگر سووتاندمن. خەڵکەکە، ئەسپەکان، گوێ درێژەکان، مانگاکان، مەڕەکانم، لەو شارانە بردو بە تالانیم زانین. گەمارۆی ئیزیرتو، ئورمێتێ، ئوزیبیام دا (کە) شارە قایمەکانیانن. گەمارۆی ئەوانەم دا کە لەو شارانەدا دەژیانو ژیانەکەیانم نارەحەتو کورت کردەوە. ئەو مۆڵکانەم وێران کرد، تێکم دان، بەئاگر سووتاندمن ))[18].

قەڵایەکی دیکەیماننا هەیە کە تاکە شارێکی ماننایە لەسەر نەخشێکی ئاشوریی کاتی سارگۆن لە خورساباد (= *دوور شارروکین.. کەپایتەختی سارگۆن بوو/ وەرگێڕ*) هەبێتو پێی بزانین.

نووسینی سەر نەخشەکە تا ئەمڕۆ (=*کاتی باسەکەی بۆمەر/ وەرگێڕ*) بە ناتەواوی خوێندراوەتەوەو بەشێکی ئەمەش بەهەڵە خوێندراوەتەوە. نووسینەکە دەڵێت: (دێڕی یەکەم): شاری ئیززا(ڕ؟)... Iz-za-a(r?)-( ) قەڵای وڵاتی ماننای Mannai (دێڕی دووەم): لەڕووی دەربەندیوڵاتی زیکیرتو.

بۆ ئەم خوێندنەوە نوێیە سوپاسی پرۆفیسۆر دکتۆر فۆن زۆدن دەکەین. ئەو لەسەر نوسخەیەکی نووسینەکە بۆی ناردم بەبێ ئەوەیوەسفی نەخشەکە بزانێت. ئەم نەخشە کە بەتەواوی ڕێکە لەگەڵ خوێندنەوەکەیدا بریتییە لەو دەربەندەی خواروی شارەکەیە بەلای ڕاستدا (کە شارەکە بەهۆی شوێنەکەیەوە بەتەواوی دەست بەسەر ئەو دەربەندەدا دەگرێت) و کە وەکو ڕێگەیەکی تەسکی نێوان دوو کێو لەنەخشەکەدا تەعبیری لێکراوە. سەبارەت بە (ئیززار...) — بۆ ئەمەش هیچ بەڵگەنامەیەکمان نییە لەدەقە ئاشورییەکاندا — دەبێت مەسەلەکە هەروەك (شواندوخول) و (زورزوککا) لەبارەی یەکێك لەشارەکانی منناوە بێت، کە پەیمانیان لەگەڵ میتاتتی (*فەرمانڕەوای زیکیرتو/ وەرگێڕ*) بەستبوو دژی فەرمانڕەوای منناو کە ئەو شارانە لەلایەن سارگۆنەوە داگیرکران. لەبەرئەوە دەبێت ئەویش وەك (پانزیش) کەوتبێتە سەر سنووو بەرەو زیکیرتو.

ئەم شارە (*واتە ئیززار../ وەرگێڕ*) — کە بەهۆی نووسینی سەر نەخشەکە هەروەك زیبیا وەك قەڵا سەلمێندراوە، هەرەك ئەو لەسەر کێوێکدا بوو ڕووبارێك لەنزیکیدایە، بە هەمان شێوەش لەژێر زیبیادا چەمێك هەیە. شارەکە خۆی پشتێنێکی دەبڵی شووورای هەیە، پاشماوەی بینا کە دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ قەڵا لە زیبیادا لەنزیکیی سێیەکی بەرزاییی کێوەکە لەژێر لوتکەکە هەیە، سەرووتریش دەکرێت شوێنەواری دیوارێکی تر قەڵا ڕاستەقینەکە بپارێزێت[19]. دایسۆن لەبارەیوێرانەکەی (زیویە)وە دەڵێت:

((شوێنو قەبارەکەی ئەو تەئکیدە بەهێز دەکات کە قەڵایەك بوو لەسەر لوتکەی گردێکدا دانیشتووەو شووورا پارێزگاری لێدەکەن کە لەخشتی قوڕین دروست کراونو کە لەسەر شوێنە سروشتییە لێژەکە بەرزبوونەتەوە. بیناکەش خۆیوا دیارە بەلای کەمەوە کرابێتە سێ پلە: پلەیەکی نزم کە لە یەکێك لەکۆتاییەکاندا تا ڕادەیەك سێگۆشەیە، پلەیەکی بەرزتر، پاشان ئاستێکی زۆر بچووکترو زۆر بەرزتر))[20].

ئەم هاوجووتییە زاڵە نێوان (وێرانە) و (وێنە) بە ئاشکرایی دەریدەخات چۆن تەسەوری سروشتو چۆنێتیی (هەچ نەبێت) ((قەڵا)) ماننایییەکانمان کردووە. ئەوانە بەر لەهەموو شتێك لەسەر کێوێکدان یان لەسەر بەرزاییەکی تەنیای دەرپەڕیو. لەبەرئەوەش گەیشتن بە شوێنی ئەمانە ئاسان نییە ؛ ئەمانە، جگە لەزیبیاو مێشتا، تا ئەمڕۆ نەدۆزراونەتەوە.

---

18 ئەم نووسینە هی ئاشوربانیپالە.

19 لە (زیویە)دا کەلوپەلێکی زۆری زێڕینو غەیری زێڕین دۆزراونەتەوە کە هونەرێکی بەرزیان تێدا دەبینرێت.

20 بۆمەر ئەم دەقەی بە ئینگلیزی هێناوەتەوە.

**بێگومان ئەمانە وەك قەلایەك بۆ هەڵهاتن خزمەتی دانیشتوانی ((شارەکان))و ((شارە بچووکەکان))یان کردووە کە لە دەقە ئاشورییەکاندا باس کراون. ئەو خەڵکە لەکاتی شەڕدا ئەمینییان لەوێدا دەست دەکەوێت. ((شارە بچووکەکان)) ڕەنگە گوندی کراوە بن وەك چۆن ئەمڕۆ لە هەموو ئێراندا هەن، ((شارەکان))یش گوندێکن کە بە سووکی شوورەدراون وەك چۆن من لەعێراقی عەجەمیو لە فارسدا بینیومن.**

**بەکورتی خەڵکی ولاتیماننا بەپاڵ کاششییەکان بەر لەهەموو شتێك لە خورری پێکهاتبوونو ئەم دەوڵەتە، کە ناوچە مەرکەزییەکەی لەناوچەی دەوروبەری سەقزدا بوو، بەبۆنەی ئەو گۆڕانکارییانەی بەهۆی کۆچی فارسەکان و میدییەکان ڕوویان دابوو، ناوچەکانی باشوورو ڕۆژهەلاتو هەروەها رۆژئاوای دەریاچەی داگیرکرد کە لەوێدا (وەك دەرکەوت لەناوی شوێنەکانی ئەوێ) خەڵکێکی خورری یان هیچ نەبێت خزمی خوررییەکان دەژیان. کەواتە بەدڵنیاییەوە دەرکەوتووە (وەك گوتزە دەریبڕیبوو) خاکی خوررییەکان تا باشووری دەریاچەیورمێ درێژ دەبێتەوە[21].**

[21] وەك زانراوە بەر لەکورد ژمارەیەك گەلو نەتەوە هەبوون، یەکێکیانو گەورەترینیان خوررییەکانن کە لە بەشێکی گەورەی کوردستاندا دەژیان: سەرتاسەری کوردستانی تورکیا، باکووری سوریا (تەنانەت کاریان گەیشتبووە فەلەستین)، بادینان، دەشتی ڕانیە، پاشان وەك لەباسەکەی (بۆمەر) دەرکەوت: ولاتی ماننا، جگە لەوەش دەشتی کەرکووكو ناوچەی هەولێرو ڕۆژهەلاتی تا نزیك زێی بچووك.